# کۆتایی پەتای کمۆنیزم لە کۆلۆمبیا و ڕەوتی ئاشتی کراس سپی یە خوێنڕێژەکان

# وانەیەک ژ کوردان ره












لەوەتی ئامریکا بە گشتی کەوتە بەر پەلاماری هۆڤانانەی سپی لەش دڵ ڕەشەکانی ئاورووپایی و فەوتانی یەکجارەکی شارسانیەت و فەرهەنگ و سامانی دێرینە و بوون و نەبوونیان ، بێ بەزەییانە و لەو پەڕی نامرۆڤایەتی یەوە ، کرایە ئامانج لەلایەن داگیرکەرانی ئاورووپایی ، خەڵکی ڕەسەنی ئامریکایی بەردەوام لە ژێر باری گرانی داگیرکراویی و پێشێل کراویی دا ئەژین . مێژووی ئەو خەڵکە ئیخسیرکراوە بە ڕوونی ئەو ڕاستیە دەرئەخاتن کە شەڕی گاورە و بچووک و ناوبەناو و درێژ ئانکو کورت خایەنی داگیرکەرانی هەمەڕەنگی خاک و خەڵکەکەیان ، لە سەر کەوڵی ئەوان بووە ، وەک چۆن ئەم ڕاستیە لۆ کورد و کوردستانیچ ڕاستە . لێگرە جێگەی ئەوە نیە کە مژاری دیرۆکی ئەو دیاردەیە گەنگەشە بکرێتن . ئەوەی شیاوی ڕامان و ڕاوەستەکرنە ڤر دە ، ئەوەسە کە دواڕووی ئەم دیاردەیە بخرێتە بەر چاوان .

پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی و سەرکەوتنی کمۆنیزم لە ڕووسیە ، دژبەری جیهانی مرۆڤایەتی فرە بە زەقی بەرگی ئادیۆلۆژی و بەرواڵەت چێنایەتی بە خۆە گرت . کمۆنیزم وەکی ئایدیۆلۆژی سیاسی سازکراو و ساختە و درۆزنانە ، لە ڕاستی دە بووە ئامرازی شەق کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بە مەبەست تەوقاندنەوەی دژایەتی و دژبەری ناوخۆیی کۆمەڵگا ژ ئاستی لە ئاشتی نەهاتوویی دا . ئەم دەورە دژە مێژوویی و تێکدەرانەی کمۆنیزم ، بوار و دەرەتانی شەڕی ناوخۆیی کۆمەڵگای لە ئاستی جیهانی دا فرە بە ڕوونی و بەربڵاوی پێک ئانی . شەڕی جیهانی دووهەمیش و دابەش بوونی جیهانی مرۆڤایەتی بە دوو بەرەی کمۆنیزم و سەرمایەداری و دەس پێکی شەڕی ساردی نێوانیان ، ئیدی بە کردەوە ئەو دەرفەتەی هێنایە هۆلێ کو شەڕی خوێناوی ناوخۆیی هیزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، بە ورد و درشتەوە ، بتەنێتەوە .

ئادیۆلۆژی درۆزنانە و سازکراوی کمۆنیستی و سەرمایەداری ، ڕێکخەر و سازدەری ئەم شەڕانە بووگن و هەن. سەرەڕای هات و هاوار و چەواشەکاری هەر دوو ئالێن شەر ، چاوگەی ولو شەڕێکی ماڵ وێرانکەری ناوخۆیی ژ دەرڤەی کۆمەڵگا دە بووگە و شەڕەکە لە ڕاستی دا شەڕی کمۆنیزمی ( عرووسی ) و لیبرالیزمی ( ئامریکایی ) بووە ، هەر یەکە بە دروشم و هات و هاواری ئازادی و دێمۆکراسی خۆیانەوە . نموونەی دژبەری ئاڵمانیای فیدرال و ئاڵمانیای دێمۆکرات و کۆتایی پێ هاتنی لە ناکاوی ، هاوتەریب وەگەرد نموونەگەلی ترەک ژ ئاستی جیهانی ، ئەوان راستی ئەسەلمێنێ کە جڵەوی ئەو بابەتە شەرانە لە دەرەوەی خواست و ویستی ئالێن بە شەڕ هاتووی ناو یەک کۆمەڵگا وەکی ئی دە ئاڵمانیا ، بە دەست یاریکەرانی زل هێزی جیهانیی واتە پارەپەرەستانی پاوانخواز و پەرەخوازی جیهانیی یە .

شەڕی کۆمنیزم و سەرمایەداری گشت جیهانی مرۆڤایەتی تەنیبووەوە و ئامریکای لاتین گۆڕەپانی خوێناوی ئەم شەڕە بوو لۆ ماوەیەکی فرە دوور و درێژ و خەڵکە ڕەسەنەکەی ئامریکا لەوانەیە فرەتر ژ هەمیان بووبێتنە سووتەمەنی ئەو شەڕە نامرۆڤانە . کمۆنیزم ژ ئامریکای لاتین وەک هۆکارێک هاتە بکار ئانین پەی لە ناو بردنی ئەوەندە ئاسەوارەی لە فەرهەنگ و داب و نەریتی خەڵکە ڕەسەنەکە مابووەوە . ئەوەی کە هۆڤانەکانی کریستۆف کۆلۆمبۆس بە ناوی کریستان و عیسا دەستیان پێ کرد ، کمۆنیزم تەواوی کرد . مێژووی ئەم دواییانەی ئامریکای لاتین ، مێژووی شەڕی کمۆنیزم و سەرمایەداری یە و تاکە یەک وڵاتی ئامریکای خواروو نیە کە باجی هەرە گرانی ماڵ وێرانی و کاولکاری و پێشێل کرنا ماڤی سەرەتایی مرۆڤی نەدابێت . ژنراڵە دەسنیاکانی ئامریکا ، ئامریکای لاتینیان بە گشتی کردە گۆمی خوێن ، گواتمالا بووە ڤیتنامی دووهەم ، چیلی و پینۆشە بووە داستانی مرۆڤ کوژی و هۆڤانەتی ، کۆلۆمبیا بووە مەکۆی کاولکاری و کۆکائین و بازرگانانی خوێن و ژیانی مرۆڤ ، هتد .

سروشت و ماکی ڕاستەقینەی شەڕی ناوخۆیی ئامریکای لاتین چ ئاسۆیەکی ڕوونی لۆ داهاتووی ئەو بەشەی مرۆڤایەتی نەهێشتبووەوە و هەموو شتێک بەستراباوەوە بە ئارمانج و ستراتیژی یاریکەران و سازدەرانی سەرەکی ئەو شەرە واتە ئامریکا و ڕووسەوە . تەپین و هەرەس هێنانی ئادیۆلۆژی کمۆنیزم نەخاسما ئی دە دەسەڵاتی سیاسی عرووسان ، دۆخی ئامریکای لاتینیچی گۆڕی و بەرەبەرە شەڕی خوێناوی ناوخۆیی ساردەوە بوو و بە تێکڕا دۆخەکە لە بەرژەوەندی سەرمایەداری شکایەوە . کووبا و خێڵی فیدڵ کاسترۆ بنکە و پێگەی سەرەکی کمۆنیستان بوو و تێکڕای بزاڤی چەپ و کمۆنیستی ئامریکای لاتین لە وێوە ڕێک ئەخرا و پێداویستی چەک و چۆڵە و پێخوری ئادیۆلۆژیکی لۆ دابین ئەکرا . چەگواراش کرایە هێمای هەرە زەقی ئەوڕەوتە . کاتی خۆی پێم وابێ کامەران مۆکری بوو ، گەر بە هەڵەدا نەچووبم ،کە لە بەستەیەک

دا لۆ چەگوارا ئەیگوت " ... لە هەر شوێنێ بژی دولار ، دەژینمەوە سەد گێوارا " ( هۆزانەکەم وەک خۆی لە بیر نەماوە بەڵام ناوەرۆکەکەی بەو جۆرە بوو ) . ئەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنەی کامەران لە هیچ شوێنێکی ژینگەی دولار و نەمازە کوردستانیش فرە جێ نەکەفت ، لێ ژ ئامریکای لاتین بووە ڕێکاری سەرەکی شەڕی ناوخۆیی و شەڕەکەش بووە شەڕی دولار و چەگوارا ، مینا هێما .

" قەڵای مەریوان پاڵم دا پێوە ، قەڵاکەم ڕووخا پاڵ دەم بە کێوە " لە کاسترۆ و کووبا و کۆمنیزمی ئامریکای لاتین قەوما و ڕووخانی قەڵای سۆڤیەتی هێدی هێدی ڕەنگ و دەنگیانی کاڵ و کز کردەوە . کاسترۆش خۆی پیر بوو و لە کار کەوت و چەگواراش ئیتر بە تەنێ لۆ ڕازانەوەی شانۆی گەنجان بەکار ئەهات . سەردەمەکە ئیدی سەردەمی تەراتێنی پاوانخوازانەی پارەپەرەستانی سەرمایەداریە و ئەشێ ڕێکارێک لۆ خۆیان ببیننەوە لۆ خۆ جووت کردن وەگەرد دۆخی سەردەم . ئامریکا و کووبا لە ڕەوتێکی دوور و درێژ و تژی بەرز و نزم بوونەوە ئاخرەکەی لێک نزیک بوونەوە و سەردانەکەی ئۆباما لۆ هاڤانا کۆتایی ململانێ و کێ بەرکێی نێوانیانی ڕاگەیاند و ئیدی بوار و بیانووی شەڕی کمۆنیزم و سەرمایەداری لە ئامریکای لاتین کوێرەوە بوو . شەڕەکە کە هەتا دوێنێ وەکی شەڕی ناخۆیی و چێنایەتی دەرخواردی خەڵک ئەدرا بە ڕواڵەت کۆتایی پێهات .

کۆلۆمبیا و شەڕی چەکداری کمۆنیستان لەوێندرێ ، مێژینەیەکی دوورتر و بەرفرەتری هەس لە چاو وڵاتانی تری ئامریکای لاتین . کۆکائین ، ڕەوەکی خۆرستی ئەو وڵاتە ، هەروەها بازرگانیی کۆکائین تایبەتمەندیەکی دیکەی دابووە شەڕی ناوخۆیی کۆلۆمبیا . کۆکائینی کۆلۆمبیا ، وەکی نەوتی کوردستان ، بووە کەوڵە ڕێوی لە خاوەنەکەی . بە گشتی چەندین هۆکاری تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ستراتیژیکی بووە هۆی ئەوە کە کۆلۆمبیا دوا وڵاتی ئامریکای لاتین بێت کە بچێتە ناو ڕەوتی ئاشتی لە ئامریکای لاتین . خاڵی هەرە گرینگ ئەوەسە کە ڕێککەوتنی ئۆباما و ڕائول کاسترۆ هەر زۆر بە خێرایی بواری ئاشتی لە کۆلۆمبیا ڕەخساند و زۆریشی نەخایاند کە گەیاندیە ئاستی مەبەست .

فراک FARC (Fuerzas Armadas Revolucionarias de Colombia—Ejército del Pueblo) ، هێزی چەکداری شۆرشگێری کۆلۆمبیا – سپای گەل ، پاش دەیان ساڵ و کوژرانی دەوری ۳۰۰ هەزار کەس و بێ سەروشوێن کردنی دەیان هەزار کەس و ئاوارە و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار بنەماڵەی هەژاری گوندنشینی خەڵکی ڕەسەنی ئامریکایی ، وازی لە شەڕی چەکداری هێنا و چەک دائەنێ (ئاشبەتاڵی سەربازی) و گوایە ئەبێتە هێزێکی سیاسی لە ولاتەکە . ئیدی پاشان چلۆن هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ دەرئەچێت ، ئەمێنێتەوە لۆ داهاتوو . جەفەنگی زەمانەش ئەوەسە کە بەڕیوەبەران و سازدەرانی ئەو کارەساتە مەزنە مرۆیی و مێژوویی یە ، هەموو بە کراسی سپی یەوە تێنە سەرشانۆی خاپێنەری و خەیانەکارانەی سیاسی و لەهەڤهاتنا خوە خویا ئەکەن ، وەک لەو وێنانەی خوارەوە دەرئەکەفێ .





سەرەڕای شانۆگەری بێزهێنەرەی مرۆڤ کوژی کراس سپی و دەق دراوەکان ، مرۆڤ دکاری ئاهێکی ئاسوودەیی هەڵ کێشی و بەوە دڵخۆش بێت کە چی دی مرۆڤی کۆلۆمبیایی و نەخاسما خەڵکە ڕەسەن و خەڵکە هەژارە ڕەش پێشتەکان نابنە قوربانی بەرژەوەندی خواوەندانی شەڕ و کاولکاری .

ئەم بابەتە شانۆگەریە سیاسیانە بەشێکن لە ڕووی ڕاستی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی ئێمە . شەڕ و ئاشتی چ لە ئاستی ناوخۆیی یەک کۆمەڵگا مینا کوردستان و کۆلۆمبیا و چ لە ئاستی فراوان تری چەند کۆمەڵگا ، لە ژێر کار تێکردنی ڕاستەوخۆی یاریکەرانی زل هێزی جیهانین . ئەم شانۆگەریە سیاسیانە بە گشتی زانیاری باش و گەڵی بە کەڵک بە دەستەوە ئەدەن و ڕێکار و شێوازی باوی سەردەمەکە لە لایەن یاریکەرانی سەرەکی و بڕیار بەدەست خویا ئەکەن .

کورد بە گشتی ئەشی فرە بە وردی لە ئەم بابەتە یاریە سیاسیانە بڕوانێ و وانەی پێویستی لێوە فێر بێت . ئەوەتا ئەبینرێ کە FRAC پاش دەیان ساڵ بە سانایی واز لە ئادیۆلۆژی چەقبەستووی کمۆنیستی تێنێ و کراسی سپی دەبەر ئەکات . پ ک ک لە کوردستان هاوتای FRAC ە و لە بواری سیاسی و سەربازی و ئادیۆلۆژیکی و ڕێکخستنەوە گەڵی لە خواروی فراکەوەیە . ماک و چارەنووسی پ ک ک ژی ژ ماک و چارەنووسا فراک بە دەر نینە . بینیمان کە سەرۆکی پ ک ک ژی هەمان ڕێکاری فراکی ئیرۆی گرتەبەر . گەمە و شانۆی ئاشتی ژ باکوور پڕ پڕ لاوازتر بوو جە لیستۆکا فراک . ئالیێن نێونەتەوەیی و گەورە هێزان و یاریکەرێن بڕیار بەدەست تونە بوون . بەتەنێ بەشەک ژ سەرکردایەتیا باشوور تەڤ بووبوون کو نە بڕیار بەدەست بوون و هێژ ژی نە بڕیار بە دەستن . ئەمەیچ ئەو جیاوازیەی فراکە وەگەورد پ ک ک .

کۆربەندی ئەمساڵی ئابووری ست پیترزبۆگ لە ڕووسیە (SPIEF - 2016) هێندێ هێمای دەرخست کە ئاماژە بە لێک نزیک بوونەوەی ڕووس و ئامریکا لە هێندێ بواردا ئەکات . بواری شەڕی ناوخۆیی سووریە و شەڕی داعش ئێک ژ وان بوارانن کو هەر دوو ئالی بە چڕی لە دان و سەندنی بەردەوام دان لە سەری . دان و سەندن ژی بەو واتا نینە کە شەڕی بەرژەوەندی ڕووس و ئامریکا وەستا بێت . کۆربەندی ئابووری ست پیترزبۆرگ شانۆیەکی بەرفراوان و گرینگ بوو کە سروشت و ماکی پێوەندی و شەڕی ڕووس و ئامریکای نیشان ئەدات. هەلوێستی یەکیەتی ئارووپا جە هەمبەر سیاسەتی ئاشت بوونەوەی ڕووسی جێگەی ڕامانی قووڵە . ئاکامی نەخوازراوی گشت پرسی ئینگلیزیان لۆ جیابوونەوەیان لە یەکیەتی ئاورووپا فرە بە گران لە سەر ئاورووپا کەوت و ئەی سەلمێنێ کە ئاورووپا هێژ لەو ئاستەدا نیە کە مل دە ملی ئامریکا بنێت . ئاورووپا و یەکیەتیەکەی کەفتگەسە ناو قەیرانێکی تژی مەترسی و هەڵوەشانەوە و ئیدی ناتوانێ ئەو دەورە ببینێ لە یاری سیاسی و ئابووری جیهانی کە ڕووس هیوای لە سەر هەڵچنیبوو .

عرووسان هەوڵی ئەوەیان دا کە کۆربەندکەی ئیمساڵیان (SPIEF - 2016) بەرفراوان بکەنەوە و تەنانەت سەرۆکی حکومەتی باشووری کوردستانیشیان لۆ کۆربەندەکە بانگهێشت کرد . کورد بەو ئەزموونە کەمە و بەو پێگە و جێگە کەمە و بەو کەرەسەی سیاسی و دیپلۆماتیکی کەمە ئەشی فرە فرە وریا بێت لە ئاوێتە بوون بە گەمەی سیاسی و دیپلۆماتیکی جیهانیی و ئاگای لەوە بێت کە ئاڕووپا لە هەڵەیەکی سیاسی دا چ باجێکی گاورە و گرانی دا . جێگری سەرۆک وەزیر ، قوباد تالەبانی دیار نەبوو کەچی نەجمەدین کەریم کە هیچ شوێنێکی لە دەزگای دەسەڵاتداری باشوورا نیە تەڤ شاندی کوردی کرابوو کە هەم نابەجێ بوو و هەمیچ ئاکامی باشی نابێت و یارێکی لە پێش دا دۆڕاوە .

 چێرۆکێکی خۆشی خزمانی دە مەنگوڕ شیاو و شایانی گێڕانەوەیە لێگرە . کاتی خۆی حەمەڕەزای قولیزادە، پاشای عەجەمان سەردانێکی سۆڤیەتی کرد و پڕێک گرێ بەستی سەربازی و ئابووری وەگەرد کمۆنیستانی عرووس بەست و لە گەڕانەوەی دا خۆی گیف کردبوو و گوتبووی سەردەمی دەسەڵاتی چاوشینەکان ( واتە ئاورووپایی و ئامریکایی یەل) لە ئیرانا بە سەر چووە . یەک لە گەورەپیاوانی مەنگوڕ کە ئەمەی لێ بیستبوو گوتبووی " حەمەد! ئەوە چ دەبێژی ، ئەو گوتە ، گوتەی ئەتوو نیە ، بە سەری بابت خۆت بە (وانیك) ئەدەی ". زۆریشی نەخایاند حەمەد ڕووخا و نەک قەیسەری بەلکو هەمیوو جیهانی لێ بووە کونە مشک .

جا ئیدی حکومەت و سەرکردایەتی کورد جە باشوور ئەشێ گەلێ بە وریایی بجووڵێتەوە و ئامریکایی یەل لە خۆیان و کورد بە گشتی زیز نەکەن بەوەی کە باسی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نیوان پێوەندی خۆیان وەگەرد

ڕووس و ئامریکا بهێرنە ئاراوە ، نە خاسما ژ دۆخی شەڕی دژی داعش کە هاوسەنگی ڕووس و ئامریکا لۆ کوردان هەر لەئارادا نیە ژی . ئامریکایەک هەیە بەس ، کا عرووس ؟ ما نمازانن ڕووس بە بەعس و شێعەگەری عەجەم رەیە ؟ ئیدی هاوسەنگی چی ئەزبەنی . لێک نزیک بوونەوەی ڕووس و ئامریکا لە پێوەندی وەگەرد شەڕی دژی داعش مژارێکی گەلێ هەستیار و ناسکە لەبۆ کوردان . ئەوەی هەرتک لا لە سەر ئەوە کۆکن کە هێزی شەڕکەری کورد نەخاسما هێزی پێشمەرگە ، وەک هێزی هاوپەیمان پەسەند بکەن ، بەو واتا نیە کە مەبەست و ستراتیژی هاوبەشیان هەبێت و هەر تک ئالی ژ بەرژەوەندی کورد ئەبێتن .

ئەم گەمە نوێەی ڕوسس و ئامریکا دۆخێکی نوێی هیناگەسە هۆلێ . ژ ئالیەک ترکان دە هەمبەر ڕووسان گەلێ نەرمی ئەنوێنن و دە ئاقاری ئاشت بوونەوە دا ئەمەشن . گەر لە پەراوێزی ستراتیژی ڕووس و ئامریکا، ترک و ڕووس ڕێککەون ، عەجەم و عارەب و شێعەگەری سەفەوی ژی وەگەردیان ئەبێت و پرسی پ ک ک و شەڕی باکوور خاو ئەبێتەوە و لەوانەشە بەرەو قوناخێکی نوێی ئاشتی پڕۆن . هەر لەم ئاقارەشەوە و هاوتەریب وەگەرد ستراتیژی نوێی ڕووس و ئامریکا ، بەشی بەرەی نیشتمانی کوردی ڕۆژئاوا (ENKS) لۆ مسکۆ بانگهێشت کراون . وادیارە کە شانۆی کۆلۆمبیا خەریکە لە کوردستان ژی تێتە لیستن . ولو خویا ئەبێتن کو بەرژەوەندی ڕووس و ئامریکا جە دەڤەرەکە لەهەڤهاتن دخازێ و یاریکەرێن بچووک ژی چاریان نیە ئەشی تەڤ دا بن و ئادیۆلۆژی چەپ و ڕاستیان والا بکەن .

گەر ڕەوتی سیاسی و بەزمی ڕووس و ئامریکا ئاوا پڕوات ، ئەوە ئیتر ئەکرێ چاوەڕانی خاوبوونەوەی گرژی ناوخۆیی ڕۆژئاڤای کوردستان بین و بوارێکی باشتر پەی یەکانگیری کورد بێتە ئاراوە . جە هەمبەر ئەمەیچ دا ئەوەتا مەلای عەجەم فرەتر کارا بوونەتەوە لۆ ئەوەی کەلەبەری فرەتر و گاورەتر بخەنە ناو کوردان و کۆسپی سوور بۆ ڕێچکا سەربەخۆیی باشوور جێ بکەن . دۆزی سەربەخۆیی باشووری کوردستان تووشی گێچەڵی گاورە هاتوە و ئاسۆیەکی زۆر ڕوونی نیە . بنەمای ئاسایی یاسایی و ڕێکاری باوی سەربەخۆیی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ رۆژ دا لاوازتر ئەبێتن . شەڕی دژە داعش کەوتوتە سەر سکەی سەرکەوتن و کۆتایی ئەو شەڕە ئەبێتە هۆی ئەوە کە کورد هۆکاری هەرە گرینگی شەڕی بە دەستەوە نەمێنێ و دۆزی نەتەوەیی کورد ئەو دەور و نرخ و بایەخەی ئێستای نەمێنێ . ئا لە وەها دۆخێکدا ، گەر شانۆی کۆلۆمبیا لە کوردستان دووپات بێتەوە و ترک و پ ک ک ژی بە کراسی سپی یەوە ئاشت بنەوە و قەیرانی قووڵی ناوچەکە برێک خاو بێتەوە، ئەوە ئیدی ئەمێنێتەوە دۆزی نەتەوەیی کورد و لە کیس دانی دەرفەتێکی دیکەی مێژوویی .

ترکان نها بازیان بە سەر بنەماڵەی بارزان و دەسەڵاتەکەیان ئەدەن و لۆ ناوبژیوی وەگەرد پ ک ک بکاریان ناهێنن و لە جیاتی ئەمان ، ئیسلامی ئیخوانی هاوبیر و بۆچوونیان خستوەتە گەڕ . ئەمەش ئاماژەیەکە بەوە کە شکانی ڕەوتی ئاشتی لە باکوور ، دەور و نرخی ناوبژیکەری دوێنێی سووک کردوە و هەر بەمەشەوە ناوەستێ . شکانی ڕەوتی ئاشتی دەری خست کە پ ک ک چی دی پ ک ک کەی ئۆجالان نیە و عەجەم دکاری لە دژی دۆزی نەتەوەیی کورد بە گشتی و مژاری سەربەخۆیی باشوور بکاریان بێنێ . ئا ئەمە ئەگەرێکە کە ناکرێ بە هەند وەرنەگیرێت . عەجەم تەنیا ئەوە نیە کە بە تۆپ بارانی باشوور بەس بکا و هەر ئەوەندە کاردانەوەی جە هەمبەر دەس پێکردنەوەی شەڕی چەکداری ژ ڕۆژهەڵات هەبێ . یەک خستنەوەی یەکیەتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان و گرژتەرتەر کردنەوەی نالێکی و ناتەبایی ناوخۆیی باشوور ، مەترسیەکی هەتا بێژی سوورە لەبۆ دۆزی نەتەوەیی کورد بە گشتی و مژاری سەربەخۆیی باشوور بە تایبەتی . جا گەر پ ک ک وەگەرد ترکان ڕێککەوێ و ترک و عەجەم یەکانگیر بن لە دژی کورد ، ئەوە ئیدی پ ک ک ئەبێتە سەرباری دەردان و کایەی بزاڤی نەتەوەیی لە کورد تێک ئەدەن . گومان لەوەدا نیە کە هاوپەیمانانی ناپیرۆزی تاران و ئانکارا ( بەغدا و شامێش لەگەلیان ) و سلێمانی و قەندیل ، هەولێر گەمارۆ ئەدەن . ئەمە ئەو ڕێکار و تەون و تەپکە دومنکارانەیە کە داگیرکەرانی کوردستان و مەلای عەجەم لە پێش هەموویانەوە لۆ کوردیان تەنیوە . لەم سونگەوە بیرمەند و لێزانی کورد ئەبێ یەکەم ؛ لە ڕەوتی ئاشتی کۆلۆمبیاوە لەوە تێ بگەن کە دیپلۆماسی هەنووکەیی ترکان وەگەرد عرووس لە سەر هەمان ڕیکاری گشتی ستراتیژی ڕووس و ئامریکایە؛ دووهەم هەموو ئەگەر و ئاکام و دەرئەنجامی وەها رێکارێکی نوێ بە وردی لێک بدەنەوە و لە بەرجاوی بگرن.

هیوای کورد لۆ سەربەخۆیی بە دروشم و سەرقاڵی و گەمەی سیاسی و شەڕە حزبایەتی نایێتە دی . مژاری سەربەخۆیی وای لێهاتوە کە بەشێکی بەرچاو دژین و ئەو بەشەش کە بە ڕواڵەت هۆگریەتی سوور نیە لە سەری . خەڵک وا تێ گەیندراون کە سەربەخۆیی کوردستان ئەرکی تاکە کەسێکە و بە خواست و ویستی

ئەو تاكە كەسەوە بەستراوەتەوە . میوانداری و پێشوازی و بەرێ كردنی خەڵكی و بە شان و باڵی پارەپەرەست و سووخۆرانی ، كوردكەوە ماچۆ ، خوانەناس هەڵدان ، ڕێگای سەربەخۆیی خۆش ناكات و دەسكەتی وەها دیاردەیەک تەنیا لە ئاستی تاكە كەس ئەبێت و باری ناوخۆیی گرژتەرتەر ئەكاتن . سەركردایەتی كورد ژ باشوور جە هەمبەر سیاسەتی ڕاستەقینەی دوژمنانی دۆزی نەتەوەیی كورد دەستەوسان وەستاوە و ڕێگای كاردانەوەی لێ گیراوە ئانكو لەخۆی بەستوە . ئەمەش هێما و ئاماژەیەكە بەو ڕاستی یە كە دۆخی پاش شەڕی داعش كە وردە وردە دەستی پێكردوە لە بەرژەوەندی كورد نایێت و ئەوە ئەسەلمێنێ كە كورد دیسان نەیتوانی هەلێ لەبار و مێژوویی شەڕی دژی داعش بۆ بەرژەوەندی خۆی بكار نهێنێ .

لە كۆلۆمبیاوە هەتا كوردستان ، بە شەڕ ئانكو بە ئاشتی ، بە گەمەی سیاسی و دیپلۆماسی ئەوە بەرژەوەندی پارەپەرەستانە كە ئەشێ بپارێزرێ . كوردەكەو ماچۆ ، ڕەش و ڕووت و خەڵكی هەژار و نەمازە خەڵكە ڕەسەنەكەی كۆلۆمبیا و ڕەش پێستەكانی ئەو وڵاتە ئەبێ چێان لەو ئاشتی یە بەر بكەوێ . خەلات و دیاری دەستی كراس سپی یەكان لۆ ئەوان ژن و پیاگی چەكدار و بێ چەكی كۆلۆمبیا ئەبێ چی بێ ؟

هەر لەم پێكیەش ، ئەگەری ئاشتی ، لە بابەتی فراک ، چی بۆ كورد بە دیاری تێنێ ؟ شەڕی داعش چۆن كۆتایی پێ تێ ؟ دۆزی نەتەوەیی كورد چی لێ بەسەر تێ ئەزبەنی ؟ كا ؟ چاڤا كوردان خوە ژ بۆ دۆخی پاش شەڕی داعش تەیار كرنە ؟ دوو ئیدارەیی و پارچەكرنا باشوور و بالۆرەی هەریمی سەربەخۆی كەركووک وەرام دانەوەی كورد بۆ ئەو دۆخە نیە . پتر ئاڵۆز كردنی دۆخی ناوخۆیی و شەڕە حزبایەتی قرێژ و بێزهێنەر و وەستاندی كار و باری یاسایی بەرێوەبەری نیشتمانی كوردان ژ باشوور ، تاوانێكی مێژوویی یە و كورد بە گشتی باجێكی قورس و گرانی لۆ ئەدات .

كاردۆخ

كۆمەڵەی یەكسانیی كوردستان

٢٠١٦/٦/٢٨